نزای : (اللهم إني أعوذ بك من العجز، والكسل، وَالجُبْنِ، والهَرَمِ، والبخل، وأعوذ بك من عذاب القبر، وأعوذ بك من فتنة المحيا والممات)

له ئەنەسی کوڕی مالیکەوە -ڕەزای خوای لێبێت- دەڵێت: پێغەمبەری خودا -صلى الله عليه وسلم- دەیفەرموو (له نزایەکیدا): «(اللهم إني أعوذ بك من العجز، والكسل، وَالجُبْنِ، والهَرَمِ، والبخل، وأعوذ بك من عذاب القبر، وأعوذ بك من فتنة المحيا والممات)*»، وله گێڕانەوەیەکدا: «(وَضَلَعِ الدَّيْنِ، وَغَلَبَةِ الرِّجَالِ)**». *(واته: خودایە؛ بێدەسەڵاتی وتەمبەڵی وترسنۆکی وپیری وڕەزیلی، وپەنا بە تۆ دەگرم لە سزای نێو گۆڕ، وپەنا بە تۆ دەگرم لە فیتنە وتاقیکرنەوەی ژیان و مردن -کاتی سەرەمەرگ وپرسیارەکانی ناو گۆڕ-)، **(واته: وە پەنا بە تۆ دەگرم لە زاڵبوونی قەرز بەسەرمدا، وە لە زاڵبوونی ستەمی پیاوان)

[صەحیحە] [بوخاری گێڕاویەتیەوە - بوخاری و موسلیم هاوڕان لەسەری]

ئەم فەرموودەیە لەو فەرموودانەی پێغەمبەرە -صلى الله عليه وسلم- کە بە -جوامع الكلم- ناسراوە (واتە: هەندێک وشەی کەمە فەرموودەکە بەڵام گەلێک واتا ونهێنی زۆری تێدایە)، پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- پەنای بە خوای گەورە گرت لە کۆمەڵێک بەڵا وزیان وناخۆشی کە ڕێگرن لە نزیکبوونەوەی بەندە لە پەروەردگاری، پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- پەنای بە خوای گەورە گرت لە: (العجز، والكسل:بێدەسەڵاتی وتەمبەڵی): ئەم دووانە هاوەڵن ڕێگرن لە جوڵە وکردەوە ئەنجامدان ئەمیش بەهۆی لاوازی هیمەت وویست؛ پێی دەووترێت (الكسل:تەمەڵی)، کەسی تەمەڵ لاوازترینی مرۆڤەکانە کە ویست وئیرادەتی نییە بۆ ئەنجامدانی کردەوەی چاک، وئەگەر مرۆڤ هیمەت و ویستی هەبوو بەڵام توانای لاشەی نەبوو پێی دەووترێت (العجز:بێدەسەڵاتی ولاوازی) . (وَالجُبْنِ، والهَرَمِ، والبخل:وترسنۆکی وپیری وڕەزیلی): ترسنۆکی وڕەزیلی ڕێگرن دەبن لە پێش مرۆڤ لە ئەنجامدانی کردەوەی چاک ودڵ لاواز دەکەن بۆیە فەرمان بە چاکە ناکات ونەهی لە خراپە ناکات ئەمیش بەهۆی خراپی ولاوازی دڵیەوە، ودڵی پەیوەستە بە بوونەوەرەکان ودوورە لە خوای گەورە، وڕەزیلی وا لە مرۆڤ دەکات کە نەبەخشێت ومافی بوونەوەرەکان نەدات لە زەکات وبەخشینەکانی تر، بۆیە خوای گەورە ڕقی لێدەبێتەوە وهەروەها خەڵکیش ڕقیان لێی دەبێتەوە، وپیری: کاتێک مرۆڤ دەگاتە لاوازترینی تەمەنی؛ زۆر لە هەستەکانی لە دەست دەدات، ولاشەی لاواز دەبێت، وناتوانێت وەکو پێویست خودا بپەرستێت -سبحانه وتعالى-، وناتوانێت وەکو پێویست سوود بە خێزانەکەی بگەیەنێت. پاشان پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- فەرمووی: (وأعوذ بك من عذاب القبر: خودایە پەنا بە تۆ دەگرم لە سزای نێو گۆڕ): وسزای گۆڕ هەقیقەت وڕاستییە، بۆیە پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- ڕێنموێنی کردووین بۆئەوەی پەنا بە خودا بگرین لە سزای گۆڕ لە هەموو نوێژێکدا. (وأعوذ بك من فتنة المحيا والممات:وخودایە پەنا بە تۆ دەگرم لە فیتنە وتاقیکرنەوەی ژیان و مردن -کاتی سەرەمەرگ وپرسیارەکانی ناو گۆڕ-): بۆئەوەی پەناگرتنی بە خوای گەورە، هەردوو ژیانەکە بگرێتەوە، فیتنە وتاقیکردنەوەی دونیا بریتیە لە ناخۆشیەکانی وبەڵا وناڕەحەتیەکانی، وفیتەنی مردن بریتیە لەوەی مرۆڤ بترسێت لەوەی کۆتا ساتەکانی ژیانی لەسەر خراپە بێت و لەسەر خراپەکاری وبێباوەڕی بمرێت، وهەروەها تاقیکردنەوەی دوو فریشتەکە لە نێو گۆڕدا. ولە گێڕانەوەیەکدا پەنای بە خوای گەورە گرت لە: (وَضَلَعِ الدَّيْنِ، وَغَلَبَةِ الرِّجَالِ: وە پەنا بە تۆ دەگرم لە زاڵبوونی قەرز بەسەرمدا، وە لە زاڵبوونی ستەمی پیاوان): واتا ناڕەحەت بوونی ژیانم بەهۆی قەرزداریەوە، وهەروەها دەسەڵات وستەمی پیاوان لە دژم بە ناهەقی وستەم.

النجاة الخيرية
ALNAJAT CHARITY

لجنة الدعوة الإلكترونية
EDC E-Da'wah Committee